**دۆزینی شوێنە وارێکی ملیۆن وێنەیی و فەلەکی لەلایەن مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفەوە**

***ڕۆژنامەنوس نزار محەمەد***

مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف, ساڵانێکە یەکێک لەو بوارە گرنگانەی کاری تێدا دەکات شوێنەوار ناسییە و توانیویەتی چەندین شوێنەواری مێژوویی لێرەو لەویی له باشوورو باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدۆزێتەوە , لەوانە شوێنەواری ئەستێرەناسی(فلکی) لە گوندی (گڕاو) لەژێر شاخی سەری ڕەش و (گردمامک) لەسەر زێی گەورە کە هەردووکیان نزیکی هەولێرن وە هەندی شوێنەواری فەلەکی دیکە لە ناوچەی سلێمانی و مەهابادو سەقز. ساڵی 1985 توێژینەوەیەکی فراوانی سەبارەت بە ڕوانگەی گڕاو لەژمارە (108)ی گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوی"دا بڵاوکردەوە . ئەمە جگە لە گرتنی چل هەزار وێنە لەکوردستانی گەورە لەگەڵ کتێب و وتارێکی زۆر. ئەوەی بیەوی باشتر ئەم پیاوە بناسی بائەو وتارە بخوێنێتەوە کە لە ژمارەی ڕۆژانی 10و17ی تەمووزی ڕابوردوودا لە ڕۆژنامەی "هەواڵ"دا بڵاوم کردۆتەوە بەناونیشانی (عەبدولرەقیب بلیمەتە یان نەزان). داوام لە مامۆستا کرد زانیاریم لە بارەی ئەم شوێنەوارە گرنگەوە پی بدات بۆ ئەوەی وەک هەواڵێک بڵاوی بکەمەوە.

ئەم شوینەوارە بریتیە لە بەردیک پێوانەکەی هەشتا مەتری چوارگۆشەیە. لە کەمەوە ملیۆنێک وێنەی مرۆڤ و جۆرەها گیانلەبەری لەسەر هەڵکەنراوە و بەشێکیشی کەوتۆتە ژێر گڵ. ئەو وێنانە زۆر بەوردی وبەوپەڕی سەلیقەوە کراون ڕوکارە بەرزەکەی کەبەرزی (5,5م) بەجوڵانەوە یەکی کەمی کامێرا چەند وێنەیەکی گەورە دەنوێنی


.













وێنە هەیە چەند مەترێک درێژو پانە, بەڵام ئەندامەکانی لەشی پێکهاتوە لە  هەزاران و دەیان هەزار وێنەی مامناوەند و بچووک, هەیانە تەواو وهەشیانە ناتەواو وتەنیا سەری گیانلەبەرە. هەندیَ وێنەش بەبچوکی و بەڕادەی ملیمەترێک دروست کراون,وێنە لە وێنەکان دروست کراوە
وێنەکان بە ڕێبازێکی هونەری تایبەت کراون و تێهەڵکێش بوون لەهەموو لایەکەوە
,وێنە هەیە لەژێر هەندێکی تردا بزر بووە و بە ئاسانی جیا ناکرێتەوە . وێنەکان بەیەکەوە بەستراون و هەریەکەیان تەواوکەری ئەوانی ترە و شێوەی گێژەڵوکەیان گرتووە وبستێک لەو بەرد بە بەتاڵی و بەبیَ وێنە نەماوەتەوە. زۆر جار وێنەی هەرە گەورەی (دایک) ون دەبیَ و پاش تەماشا کردنێکی زۆر و بەردەوام ئەمجا دەبینریَ. لەبەر ئەوە دەست نیشانکردنی وێنەکان کارێکی زەحمەتە,خەڵک هەستیان پیَ نەکردوە ئەگەر بزانرایە چین دەمێک بوو وێران دەکران. ئەگەر ڕووبەڕوو بڕوانیتە وێنەیەک و بیناسیتەوەو, بە کەمترین جووڵەی چاو ون دەبیَ و وێنەیەک یا پتری دیکە دەکەونە بەرچاو, بەوپێ یە وێنەی مرۆڤ دەشێویَ و دەبێتە وێنەی گیانلەبەرێکی تری وەک تاووس , هەڵۆ , سەرە فیل, شێر , گامێش, زەرافە, مار, سیمورغ , ورچ, ئەسپ, نەهەنگ و ماسی ودۆلفین ......     .
جاری وایە وێنەیەک ڕووی لە دەستە ڕاستە, بەڵام بەجووڵە یەکی کەمی کامێرا یا دەست یا چاو, ڕووەکەی دەچێتە لای دەستە چەپ , وەک بڵێی وێنەیەک سێبەری وێنەیەکی دیکەیە. ئەو زبرییەی لەسەر ڕووی بەردەکە دەبینریَ هەمووی وێنەیە نەک دەماری سروشتی .
کەش و هەواش کاری کردۆتە سەر وێنەکان بەتایبەت بەشی لای ڕۆژئاوا و پشتی بەردەکە وێنەکانی کاڵ کردۆتەوە .
مامۆستا عەبدولڕەقیب دەڵیَ نەمزانیوە: ئەم جۆرە هونەرە لە شارستانیەتی دیکەی کۆندا هەبێت, بیَ گومان پاش ماوەی شارستانێتییەکە نەماوە و لەبیر چووە. ساڵی 2007 لەلقی یونسکۆی عێراقی پرسیوە, بەڵام وەڵامی نەبوە, وە ئەم هونەرە لەوڵاتانی دەوروبەر نەدۆزراوەتەوە و شوێنەوارناسانی عێراقیش ئاگایان لیَ نیە کە تەنیا لە دۆزینەوەی خۆیەتی وەک چەند جارێک لە نوسینەکانی خۆیدا باسی کردوە .